ژمارە ٨
کانونی یەکەمی ٢٠٠٧

# ئەو دەمەی مۆسیقا دەبێتە فریادڕەس

ناوی فیلم:
The Pianist
نواندنی:
Adrien Brody
مۆسیقای:
Wojciech Kilar
دەرهێنانی:
Roman Polanski

## مۆسیقا لەسەردەمی رەگەزپەرستیدا

خوێندنەوەی ئاڤێستا



یەکێکە لە فیلمە هەرە سەرنج (the pianist) فیلمی ڕاکێش‌و بەناوبانگەکان کە باس لە قڕکردنی جوەکان دەکات بەدەستی نازییەکان لەسەرو بەندی جەنگی جیهانی دووەمدا. جیاوازی ئەم فیلمە لەوەدا نییە کە کەمتر توندو تیژی تێدایەو بینەر بەر کەمترین دیمەنی کوشتن دەبێتەوە وەك ئەوەی زۆرێك لەفیلمەکان ئیشیان لەسەری کردووە، بەڵکو پرۆسەی کوشتن پتر بەنادیاری دەمێنێتەوە. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم فیلمە خاڵییە لەکوشت و بڕ، وەلێ پتر مەبەستی دەرخستنی لایەنێکی ترە وەکو بێ بایەخکردنی مۆسیقاو ناز هەڵنەگرتنی مۆسیقارێك کە وەك خەڵکێکی















ئاسایی ڕووبەڕووی توندو تیژی دەبێتەوەو تەنها لەبەر ئەوەی کە جووە. ئەم فیلمە لەهەوڵی نیشاندان و گێڕانەوەی چیرۆکێکی تراژیدیەو پیانۆ ژەنێك دەکات بە پاڵەوان کە دواجار خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری وەرگرت. هەر ئەو تایبەتمەندیانەشە وائەکات ئەم فیلمە فیلمی دەستەبژێر(نوخبە) بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بینەر ئەگەر سەرو سەودای لەگەڵ مۆسیقاشدا نەبێ هەر دەتوانێ تاکۆتایی فیلمەکە بەردەوام بێ و چێژی لێوەر بگرێ.

ئەم فیلمە کە خاوەنی (٣)خەڵاتی ئۆسکارە، بەیەکێك لەفیلمە باوەڕپێکراوەکان و بێلایەنەکان دەژمێردرێ کە باسی زەمەنێکی دیاریکراو دەکات، نەك وەك زۆر دەرهێنەری تر کە بەزیادەوە روخساری نازییەکان دەشێوێنن و فیلمەکەشیان پڕ دەکەن لەڕووداوی ناڕاست. ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە گومانمان نییە لە درندەیی و وەحشیگەری نازیی، بەڵام فیلمی سەر کەوتوو هەمیشە ئەوانەن کە ڕووداوەکان وەك خۆیان دەگەیەنن بەبینەر وەك لەم فیلمەدا دەیبینین. فیلمەکە بۆ خۆی ڕوداوێکی ڕاستەقینەیەو مۆسیقاژەنی پۆلۆنی Wladyslaw Szpilman)بەسەر خۆیدا هاتووەو لەبەرگی (بیرەوەرییەکانیدا چاپی کردووەو Roman) Polanski) دەرهێنەر بۆ سیناریۆکەی سوودی لێوەر گرتووە. ئەم فیلمە دەیەوێت بڵێ لەسەر دەمی جەنگ و ڕەگەز پەرستیدا چۆن هەموو شتەکان بێ بایەخ دەبن هەتا شتە هەرە سادەو ناسکەکان وەك مۆسیقاو دواجار مۆسیقاژەنیش. پاڵەوانی فیلمەکە ئامادەنییە چەك بۆ هیچ لایەك هەڵبگرێتو تەسلیمی هیچ ئایدۆلۆژیایەك نابێت بۆیە توشی چەرمەسەری زۆر دەبێتەوە. نە نازییەکان نە هاو پەیمانەکان کار لە ڕۆحی مۆسیقاژەنەکە ناکەن. دیمەنەکانی ئەم فیلمە زنجیرەیەك ڕوداوی تراژیدییە، کە ڕاستەو خۆ دوای بینینی فیلمەکە بینەر هەست بەگۆڕان دەکات لەخۆیداو بۆ چەند ساتێك دەبێ دابنیشێ تا بەتەواوی دەتوانێ لەژێر کاریگەری فیلمەکە بێتە دەرەوە.

تەوەری سەرەکی لەم فیلمەدا مۆسیقایە و جەنجاڵی ژیانی مۆسیقاژەنێکە کەدووچاری سوکایەتی پێکردن و ڕاوەدوونان دەبێتەو، چەندین جاریش بە ڕێکەوت لەمردن ڕزگاری دەبێت. بینەر بەدەگمەن نەبێ دەنا تا کۆتایی فیلمەکە کە دووکاتژمێرو نیوە لە وێرانەو باڵە خانەی ڕوخاو چیتر نابینێت. وە زانیاریەکی زۆریشی لەسەر ئەوە دەست ئەکەوێت کە چۆن پرۆسەی کوشتن و لەناو بردنی جوەکان بە بەرنامەو قۆناغی جیاواز دەچێتە پێشەوە، پیانۆ ژەنەکە لە سەرەتادا لە ناو ستۆدیۆیەکی پاكو بێدەنگدا خەریکی تۆمارکردنی پارچە موزیکێکە. کەچی لەپڕ



**ڕزگارکردنی پیانۆژەنەکە لەلایەن ئەفسەرەکەوە لە ڕزگار کردنی جەلادەتی کۆتر دەچێت لەلایەن سامیری بابلیەوە لە ڕۆمانی( شاری مۆسیقارە سپییەکان )ی بەختیار عەلی. وێکچوونێکی سەیر لە نێوان ئەو دوو ڕووداوەدا هەیە، کە یەکێکیان نووسراوەو ئەویتریان جولاو**

دەنگی چەند تەقینەوەك دێتو نزیکتر دەبێتەوەو تایەك دوو تۆپ بەر ستۆدیۆکەش دەکەوێتو بەناچاری دەست لەژەنین هەڵدەگرێتو بە زامداری بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە. لێرەوە زیانیاری لەسەر خانەوادەو ئەندامانی خێزانی مۆسیقاژەن پەیدا ئەکات، لەم سەرو بەندەدا ژنێکی مۆسیقاژەنی ئەڵمانی کە ڕقی لەسیاسەتی نازییەکانە دەبێت بەهاوڕێی پیانۆژەنەکەو لەدواییدا بەخۆیی‌و هاوسەرەکەی یارمەتی ئەدەن‌و ماوەیەك لەدەستی ڕەگەز پەرستەکان دووری دەخەنەوە. لەپرۆسەیەکی کوشندەی کوشتندا کەپێشتر لەمەیدانێکدا هەزاران خەڵکیان کۆکردبۆوەوە، بەشەمەندەفەر ڕەوانەی مردنیان دەکەن، بەڵام بەرێکەوتێکی سەیر پیانۆژەنەکە ڕزگاری دەبێت، کاتێك ئەفسەرێکی نازی کە زۆر ڕقێ لە پیانۆژەنەکەیەو لەڕیز دەری دێنێتو نایەڵێ لەگەڵ دایك و باوکیدا بڕوات. ئەفسەرەکە نازانێ بەو کارەی ئەوی لەمردن ڕزگار کردووە، بەڵکو هەر پێی وایە کوشتنەکەی لێرەدا نزیکترە. بەو جۆرە تاکۆتایی فیلمەکە پیانۆژەن تەنها خۆی دەمێنێتەوە. خواردنی ئەو مۆسیقارە لەهەموو سەردەمەکاندا هەر پەتاتەیە ، لەکەمپدا، لەماڵەوەو لەسەردەمی هەژاریدا، دەبێ بڵێم ماڵی پیانۆژەن لەسەرەتادا هەژار نەبوون. دوایی پەتاتە بوو بە خواردنیان، چونکە جوەکان بۆیان نەبوو کار بکەن. لەکارکردندا کاتێك ئەفسەرێکی ورگن لەبەر باران کرێکارەکانی وەستاندووە و موژدەیان پێ ئەدات کە لەمەولا خواردنیان باش ئەبێتو لەسایەی سەری هیتلەر پەتاتە دەخۆن! لەهەڵاتن‌و خۆشاردنەوەو دواتر بێئومێد بوون لە ژن‌و پیاوە ئەڵمانیە مرۆڤ دۆستەکە، تەواو شپرزەو بێتاقەت ئەبێتن بەجۆرێك توانای قسەکردن‌و شکاندنی قوتوویەکی خواردنی هەڵگیراوی نامێنێت. کاتێك دوای هیلاك بوونێکی زۆر، قوتوویەکی دەست ئەکەوێت و بەنیازی شکاندنی و ڕزگار بوون لەبرسییەتی، ڕوو لە شوێنێکی کەمێك ئارام دەکات. بێخەبەر کە ئەفسەرێکی نازی وا لەبەرامبەریدا، کە قوتووەکە دەکەوێتە بەر پێی نازییەکە ئەوسا دەزانێ کەسێك واسەیری دەکات. ئەوەندە لەو ئەفسەرە دەترسێ کە زمانی گۆناکات، بەڵام بەپێچەوانەی زۆربەی ئەفسەرە نازییەکان ئەو مرۆڤدۆستەو نایکوژێ. کە لێیدەپرسێ تۆ کێیتو چی دەکەی لێرە؟ دەڵێ پیانۆژەنم. ئەفسەرەکە پیانۆیەکی پاکی پیشان ئەداتو دەڵێ: بیژەنە، ئەویش بەسکی برسی‌و پەنجەی لەرزۆکەوە عەزفێکی خەمگین دەکات بەجۆرێك ئەفسەرە نازییەکە تووشی هەستێکی پەشیمانی دەکات. ئەفسەرەکە دەڕواتو چەند جارێکی تریش دێتەوەلای و خواردنی بۆ دێنێ.کە دەبینێ پیانۆژەن سەرمایەتی پاڵتۆکەی بەری بە ئەستێرەو پلەکەیەوە بەشانیدا دەدات. ڕزگارکردنی پیانۆژەنەکە لەلایەن ئەفسەرەکەوە لە ڕزگار کردنی جەلادەتی کۆتر دەچێت لەلایەن سامیری بابلیەوە لە ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی. وێکچوونێکی سەیر لە نێوان ئەو دوو ڕووداوەدا هەیە، کە یەکێکیان نووسراوەو ئەویتریان جولاو هەر لەهەڵکردن لەگەڵ قوربانی و لێکبووردن و چەوساندنەوەشەوە. ئەفسەرەکەو سامیری بابلی چەندە فریاد ڕەسن، ئەوەندەش دەستیان هەیە لە کاولکاری و شێواندنی ناخی قوربانییەکان. دواجار کە نازییەکان دەڕوخێن و هاوپەیمانان دەگەنە ئەڵمانیا، پیانۆژەن دێتەدەرەوەو هەوای ئازادی هەڵدەمژێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پاڵتۆی ئەفسەرە نازییەکەی لەبەردایە وا ئەزانن نازییە و تەقەی لێدەکەن، بەڵام دیسان لەمردن ڕزگاری دەبێتو بۆیان ڕوون ئەکاتەوە کە چیرۆکی ئەو پاڵتۆیە لەکوێوە هاتووە، هەموو ئەوانە بەیەکەوە وادەکەن کە ئەم فیلمە یەکێك بێت .لە فیلمە هەرە باشەکانی مێژووی سینەما